# سیمبولیزم لە ڕۆمانی کوردیدا

## بە نموونەی ڕۆمانی (زاکیرەی با)

لە لایەن:

**خێرڵالله دەحۆ عبدالله**

بە سەرپەرشتی:

**د. کەیفی محمد عەزیز**

٢٠٢٣زاینی ١٤٤٤کۆچی ٢٧٢٣کوردی

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ڕێزی تایبەتیم بۆ (د. کەیفی محمد)، کە ئەرکی سەرپەرشتییکردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆ و بەو پەڕی دڵسۆزییەوە یارمەتیدام.
- زۆر سوپاس بۆ هەریەک لە (م. کازم شێخ حسێن) و (ئاشنا فەرزندە) کە هاوکارم بوون لە بەدەست خستنی سەرچاوەکان.

# ناوەرۆک


سوپاس و پێزانین.................................................................................I

پێشەکی.................................................................................٢

١- بەشی یەکەم.................................................................................٤

**١-١ دەروازەیەک سەبارەت بە سیمبولیزم و مێژووی ڕێبازی سیمبولیزم**.................٤

**١-٢ چەمک و زاراوەی سیمبولیزم**.................................................................٧

**١-٣ پێناسەی سیمبولیزم ( ڕەمز و ڕەمزییەت)**.................................................٨

**١-٤-١ یەکەم/ ڕەمزی ئەفسانەیی**.................................................................١١

**١-٤-٢ دووەم/ ڕەمزی مێژوویی**.................................................................١٢

**١-٤-٣ سێیەم/ ڕەمزی ئایینی**.................................................................١٤

**١-٤-٤ چوارەم/ ڕەمزی کەسی**.................................................................١٥

**١-٤-٥ پێنجەم/ ڕەمزی گشتی**.................................................................١٦

٢- بەشی دووەم.................................................................................١٧

٢-١ ڕەمزی ئەفسانەیی.................................................................................١٧

٢-٢ ڕەمزی مێژوویی.................................................................................١٩

٢-٣ ڕەمزی ئایینی.................................................................................٢١

٢-٤ ڕەمزی کەسی.................................................................................٢٣

٢-٥ ڕەمزی گشتی.................................................................................٢٤

ئەنجام:.................................................................................٢٦

لیستی سەرچاوەکان:.................................................................................٢٧

پاشکۆکان:.................................................................................٢٩

## پێشەکی

سیمبولیزم یەکێکە لە ڕێبازە ئەدەبییەکان، کە لە دوای ١٨٨٠ دەردەکەوێ و بەدیاریکراوی لە ساڵی ١٨٨٦ ڕادەگەیەندرێ. ئەم ڕێبازە کار لەسەر بەکارهێنانی ڕەمز دەکەن لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا. ڕەمز ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەرزکردنەوەی بەهایی دەقدا، وادەکات خوێنەر بە ئاسانی لە دەقەکە تێنەگات. بەکارنەهێنانی ڕەمز دەقەکە وەک قسەیەکی ئاسایی ڕۆژانە لێدەکات، کە هەموو کەس دەتوانێت پەی بە بابەتەکە ببات، ئەمەش هیچ گرنگی و ئیستاتیکایەکی لە بەرهەمی ئەدەبیدا نابێت.

ئەم توێژینەوەیە سەرەتا بە دەروازەیەک بۆ ناساندنی ڕیبازی سیمبولیزم دەستپیدەکات، دواتر چەمک و زاراوەی سیمبولیزم، پاشان چەند پێناسەیەک بۆ سیمبولیزم دانراون. لە کۆتایی بەشی یەکەمدا شەش جۆری ڕەمز بەشیوەیەکی تیۆری باسکراون. لە بەشی دووەمدا بە چاوی پێنج جۆری ڕەمز کە ئەمانەن: (ئەفسانەی، مێژووی، کەسی، گشتی، ئایینی) سەیری ڕۆمانی زاکیرەی با دەکەین، کە ڕۆمانێکی کوردییە.

## ١- بەشی یەکەم

## ١-١ دەروازەیەک سەبارەت بە سیمبولیزم و مێژووی ڕێبازی سیمبولیزم

بۆ ئەوەی سیمبولیزم وەک کایەیەکی بەکارهاتووی نێو دونیای ئەدەب، لێیەوە ڕەچەو ڕێچکەیەکی مێژووی باس بکەین، ئەوە ڕای جیاواز هەیە سەبارەت بە سەرهەڵدانی ڕێبازی سیمبولیزم. بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی ئەم ڕێبازە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم واتە لە ساڵەکانی ١٨٠٠ بەولاوە سەری هەڵدا. جۆن مۆریاس بە دامەزرێنەری ڕێبازەکە دادەنرێ، کە لە ١٨/ سێپتێمبەری/ ١٨٨٦ لە ڕۆژنامەی فیگارۆدا لەدایکبوونی ئەم ڕێبازەی ڕاگەیاند (کەمال مستەفا مەعروف، ٢٠٠٤: ١٣٧). جۆن مۆریاس یەکەم کەس بووە، کە زاراوەی سیمبولیزم (هێماگەری) بەکارهێناوە. ئەگەرچی بەدامەزرێنەری ڕێبازی سیمبولیزم دادەنرێت، بەڵام دواتر کودەتای بەسەر ڕێبازەکە کرد و قوتابخانەیەکی دامەزراند بەناوی قوتابخانەی ڕۆمانی. (کەمال مستەفا مەعروف، ٢٠٠٤: ١٣٧).

بەکارهێنانی ڕەمز لە ئەدەبدا پێش لەدایکبوونی بۆدلێر و مالارمییە و هاوڕێکانی ڕێبازی ڕەمزییەت هەبووە. بۆ نموونە لە جیهانی ئەدەبیاتی عەرەبیدا بەشێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە. هەر بۆیەش ئەدەبیاتی عەرەبی لەم ڕووەوە بە دەوڵەمەندترین ئەدەبیاتی جیهان دادەنرێ. کتێبە ئاینیەکانیش وەک جوانترین ئەدەبی ڕەمزی خراونەتەڕوو. بۆ نموونە هەندێ لە کتێبەکان بە ناوی (الف لیلة ولیلة، رسالة الغفران، المعری، مقامات). لە ڕاستیدا بەکارهێنانی ڕەمز لە پێش دروستبوونی ڕێبازی ڕەمزییەتەوە هەبووە. ئەدەبی عەرەبی ئەدەبێکی دەوڵەمەندە لەم ڕووەوە. لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین (خەلیفەکانی ئایینی ئیسلام) کە دوای کۆچی دوای پێغەمبەر (د.خ) دەست بەکاربوون، کاتێک یەکێک لە خەلیفەکان بەناوی عومەری کوڕی خەتتاب شیعری دڵداریی قەدەغە کرد مەبەست لە شیعری دڵداری ئەو شیعرانەیە کە بە ئاشکرا ناوی یارەکەی تێدا بەکارهاتبێ. ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کە: ڕق و کینە و ناکۆکیی دروست دەکرد و دەبووە هۆی دروستبوونی کێشە و ناخۆشی و دوژمنایەتی. یەکێک لە شاعیرەکان کە شاعیرێکی ڕەمزیی

بوو بەناوی (حمیدی کوڕی ثور) هەستا بە بەکارهێنانی ڕەمز لە شیعرەکەیدا. ناوی یارەکەی خۆی بەکارنەهێنا، لەبری ناوەکەی هەستا بە بەکارهێنانی وشەیەکی تر لەجیاتی ناوەکەی. (جمال حبیب الله، ٢٠١٣: ٦٠).

نەگونجانی ڕێبازەکان لەگەڵ بارودۆخی ئەوکات وایکرد ڕوحی یاخیبوون لە هەموو لایەکەیەوە دەربکەوێ. شاعیران و نووسەران یاخیبوون و بێزاربوونیان پێوە دیار بوو لە هەموو ئەو بابەت و دۆخەی ئەوکاتدا. ڕەزا سەید حسەینی لە کتێبی قوتابخانە ئەدەبییەکاندا دەڵێت: "یەکەم پەیام هەڵگری ئەم یاخیگەرییە فکرییە شارل بودلێر بوو کە بەلایەنگری ڕێبازی هونەر بو هونەر دەژمێردرا. بەڵام ڕێگەیەکی تازەی گرتەبەرو بەمەش بناغەی قوتابخانەیەکی تازەی دامەزراند"(ڕەزا سەید حسەینی، ٢٠٠٦: ١٥٦). کەوایە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە شارل بۆدلێر سەرەتا بە ڕێبازی پەرناسیزم پەیوەست بووە، فکری یاخیبوون بووە هۆکارێک بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی تر بەناوی سیمبولیزم. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ناوبراو دیوانێکی شیعری بەناوی (گوڵێن شەڕ) بڵاودەکاتەوە. بەمەش جارێکی تر جیهانی شیعر بەشێوە و ڕەوتێکی دیکە نوێ دەبێتەوە. (ڕەزا سەید حسەینی، ٢٠٠٦: ١٥٦).

لەمەش پتر ستیڤان مالارمییە (١٨٤٢ – ١٨٩٨)، توانی سیمبولیزم بە لوتکەی گەشەکردن بگەیەنێت. هەندێ کەس ناوبراو وەک دروستکەری ڕێبازەکە دەناسێنن. هەروەها داوای لە شاعیران دەکرد واتای شیعرەکە بەئاسانی بەدەستەوە نەدەن، واتە نابێت خوێنەر لە مەبەستی شیعرەکە بگات و ئاشنای بێت. بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی تەمومژاوی بگاتە لای خوێنەر. (عبدالسلام سالار، ٢٠٠١ :٥٥). هەر لەبەر ئەوەیە ستیڤان مالارمییە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕێبازی سیمبولیزم هەبوو. ئەم کاریگەرییەش لە هەموو ڕوویەکەوە هەست پێدەکرا و دەبینرا. هەر بۆیەش لە ساڵی ١٨٩٨ دوای مردنی مالارمییە، ڕێبازەکە هەنگاوی بەرەو مەرگەوە نا، زیاتر ڕوو لە کزی بوو. عبدالسلام سالار لە توێژینەوەکەیدا بەناوی هێماگەری و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی گۆراندا، لە بارەی لاوازی ڕێبازی سیمبولیزمەوە دەڵێت: "باورا رای وایە کە لاوازی ئەم ڕێبازە لەوەدایە کە واقیعی ڕەتدەکردەوە و لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵک کشایەوەو باوڕیان

وابوو کە ئامانجی شیعر گەیشتنە بە بێگەردییەک وەک بێگەردیی مۆسیقا."(عبدالسلام سالار، ٢٠٠١ :٥٦).

شاعیرانی سیمبولیزم بانگەشەیان بۆ لە دایکبوونی شێوە و ڕەوتێکی نوێ لە شیعردا کرد، واتە دەیانویست شێوەیەکی نوێ بە شیعر ببەخشن، شیعر لەم فکرە کۆنەی هەیە دەربهێنن و بەشێوەیەکی تر دەریبخەن. لە دیارترین شاعیرانی سیمبولیزم لە فەڕەنسا بریتیین لە: شارل بۆدلێر، ئارسەر ڕامبۆ، ستیڤان مالارمێ، پۆل فالێری. وە لە ئەڵمانیادا: ڕینی ماریا ڕیلکە. لە بەریتانیادا: ئۆسکار وایلد، ویلیەم بیتلەر، ئیلۆت. لە ڕووسیادا: ئەلیکساندەر بلۆک. سەرەتای کارکردنی سیمبولیستەکان لە شیعرەوە دەستی پێکرد و پاشان چەند بابەتێکی تری ئەدەبی وەک: شانۆ، نیگارکێشانی گرتەوە (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠١٥: ٢٩٩).

جمال حبیب الله لە کتێبی دەروازەی شیعرناسیدا دەڵێت: "بزووتنەوەی ڕەمزییەت ، لە ئەدەبی نوێی ئەوڕوپیدا ، لەکۆتای سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوت و لەفرەنسەوە یەکەمجار سەری دەرهێنا . دەرکەوتنیشی پەرپەچدانەوەی دژەکاری قوتابخانەی ڕۆمانسی بوو"(جمال حبیب الله، ٢٠١٣: ٥٩). لێرەوە تێیدەگەین کەوایە پێش دروستبوونی ڕێبازی ڕەمزییەت چەند ڕێبازێک هەبوون وەک: کلاسیزم و ڕۆمانسیزم ...هتد، لەدایکبوونی ئەم ڕێبازە دژی ڕێبازی ڕۆمانسیزم بوو کە لەسەر بنەمای هەست و سۆز دامەزرابوو.

## ١-٢ چەمک و زاراوەی سیمبولیزم

ڕەگ و ڕیشەی زاراوەی (سمبول) لە (Symballein) یۆنانی وەرگیراوە، کە (Sam) بە واتای (لەگەڵ) وە (boleinl) بە واتای (بایەخ و ڕێزلێنان) دێت. ئەمەش بۆ دەفرێکیان بەکاردەهێنا، زۆرجار بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان کەسەکان و بنەماڵەکان بەکاردەهات. (پەخسان سابیر حەمەد، ٢٠١٢: ٧). لە زمانی فارسی کۆمەڵێک زاراوەی بۆ بەکارهاتووە کە (رمز) و (سمبل) و (سمبول) و (نماد)ە، وە (نمادگەرایی) بۆ خودی ڕێبازەکە کە سیمبولیزمە بەکارهاتووە. لە زمانی ئینگلیزی (Symbol) و لە زمانی فەرەنسی (Symbole) و لە زمانی ئیسپانی (Simbolo) بۆ بەکارهاتووە. (پەخسان سابیر حەمەد، ٢٠١٢: ٧). لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی (الرمز) لە بەرامبەر وشەی هێما و زاراوەی (الرمزية) بۆ خودی ڕێبازەکە بەکارهاتووە. (پەخسان سابیر حەمەد، ٢٠١٢: ٧). لە زمانی کوردیشدا زاراوەی هێما و هێماگەریی بۆ بەکارهاتووە. زۆر جار زاراوەکانی تری وەک (الرمز) و (سیمبولیزم) لە ئەدەبییاتی کوردی بەشێوەیەکی فراوان دەبینرێن و بەکاردێن، ئەکرێ هۆی ئەمەش وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوەکان بێت بە (ڕێگای وەرگرتن). دکتۆر پەخشان سابیر لە کتێبی ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان لە بارەی زاراوەی (Symbol) دەڵێت: "ئەم زاراوەیە لە گەلێک لە زمانەکانی جیهاندا بەکارهاتووەو دێت بەڕادەیەک دەتوانرێ بوترێ بۆتە زاراوەیەکی جیهانی، ئەو زمانانەی وەریانگرتووە بە گوێرەی یاسایی فۆنەتیکی زمانەکەیان گۆڕانکارییان لە نووسین و تەلەفوزەکەیدا کردووە." (پەخسان سابیر حەمەد، ٢٠١٢: ٧).

ئەگەر سەیری زمانەکانی جیهان بە گشتی و زمانی کوردیی بە تایبەتی بکەین، دەبینین هیچ زمانێک تەواو و ڕێک نییە، بۆیە لە نەبوونی زاراوەیەک پەنا بۆ زمانەکانی تر دەبەن، زاراوەی زمانێک وەردەگرن و هەندێجار بەپێی فۆنەتیکی زمانەکە دەسکاریی دەکرێ و لەگەڵ زمانەکە دەگونجێنن. هەندێ جاریش زاراوەکە وەک خۆی وەردەگیرێت. کەوایە زاراوەی سمبول لە

فەرهەنگی یۆنانییەوە وەرگیراوە، چەمکەکەش لە زۆربەی زمانەکان لە ڕووی نووسین و تەلەفوزەوە لە یەکترەوە نزیکن. زمانەکان بەپێی فۆنەتیکی زمانەکەیان گونجاندوویانە.

## ١-٣ پێناسەی سیمبولیزم ( ڕەمز و ڕەمزییەت)

چەندان پێناسە لە بارەی ڕەمز و ڕێبازی ڕەمزییەتەوە کراون. لێرەدا بەشێکیان دەخەمەڕوو: دکتۆر عەباس سالح عەبدوڵڵا لەبارەی هیماگەرییەوە دەڵێت: "هێماگەری بریتیە لەو بزوتنەوەیەی کە لەدوایینساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە شیعری فەرەنسیدا بودیهات، وەک ئاکام و بەرهەمی چالاکیە ئەدەبیەکانی شارل بۆدلێر و ڕامبۆ و فێرلین ناسراو پاشان لەنێوان قوتابخانە ئەدەبیەکاندا جێگەی تایبەتی خۆی بینیەوە"(عەباس سالح عبدولا، ٢٠١٥ :١١٩). ستیڤان مالارمییە کە یەکێکە لە شاعیرە هەرە دیار و ناسراوەکانی سیمبولیزم، هەوڵی تەواویدا بۆ ئەوەی سیمبولیزم بگەیەنێت بە لوتکە. مالارمییە هەموو تەمەنی خۆی بەخشی لەپێناو دۆزینەوەی وێنەیەکی نوێ لە شیعردا. هەر بۆیەش ناوبراو داوایەک لە نووسەران دەکات و دەڵێت: "نابێت شاعیر، خوێنەر بە مەبەستی شیعرەکەی تەواو ئاشنا بکات، بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی تەمو مژاوی بیخاتە بەردەستی خوێنەر"(عەباس سالح عبدولا، ٢٠١٥ : ١١٩). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ستیڤان مالارمییە هەوڵیدا بۆ ڕزگارکردنی شیعر لەو کۆت و بەندانەی کە بۆی دانراوە. نووسەرە هەست ناسکەکان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەدەبییات و شیعری نەتەوەی خۆیان لەو دۆخە چەقبەستووەی تێیدایە ڕزگار بکەن. کاتێک سەیری ئەدەبیاتی خۆیان دەکەن و ئەدەبیاتی جیهانیش دەبینن دەزانن لە چ دۆخێکدان، بۆیە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی بەرەوپێشچوونی ئەدەبیاتی خۆیان دەدەن. ستیڤان مالارمییە داوای تەمومژاوی لە شیعر دەکات، نایەوێ شیعر بە زمانێکی سادە و ساکار بێت، بۆ ئەمەش پێویستمان بە بەکارهێنانی ڕەمزە.

پەخشان سابیر لە پێناسەیەکی تردا لە کتێبی ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی دەڵێت؛ "بریتیە لە نیشانەیەک ئاماژە بۆ شتێک دەکات، بوونێکی سەربەخۆی هەیە، ئەو شتە دەنوێنێ و

شوێنی دەگرێتەوە"(پەخسان سابیر حەمەد، ٢٠١٢: ١٠). لەمەش زیاتر جان مۆریاس کە مەنەفێستی ڕێبازەکەی ڕاگەیاند دەڵێت: "ئەم ڕێڕەوە تازەیە دژی پابەندی زانستی و دەربڕینی ڕاستەوخۆو ڕاپۆرت ئامێز و پڤدار و هەستی قەڵب و وەسفی بابەتی وەستا، شیعری ڕەمزی بەرەو بیرێک دەچێ، کە ڕوخسارێکی هەستی بەبەرکراوە. (عەباس سالح عبدولا، ٢٠١٥ : ١١٩). سیمبولیزم کە ڕێبازێکی ئەدەبییە لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئایدیالیزم دامەزراوە. ئەم فەلسەفەیەش هی ئەفلاتوون فەیلەسووفی یۆنانی بوو. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوە هاتەوە کایەوە کە ناتوڕالیزم نەیتوانی بەسەر گۆڕانکارییە نوێیەکانی سەردەم سەربکەوێ. (عەباس سالح عبدولا، ٢٠١٥، ١١٩). کەوایە ئەگەر سەرنجی ڕێبازەکانی ئەدەب بدەین، دەبینین سەرهەڵدانی هەر ڕێبازێک نەگونجانی ڕێبازی پێشخۆی بووە لەگەڵ سەردەمەکە. وەک ئەوەی پەڕناسیزم (هونەر بۆ هونەر) لەناو منداڵدانی ڕۆمانسیزمەوە بوو، کە ئەوکات ڕۆمانسیزم نەیتوانی لەگەڵ واقعی سەردەمەکە بڕوا و پەیامی سەردەمەکە بگەیەنێت. بۆیە پەڕناسیزم دروست بوو بۆ هەڵگرتنی ئەو ئەرکە. لێرەشدا هەمان حاڵەت بەرچاو دەکەوێ: سیمبولیزم لە بەرامبەر ناتوڕالیزم و ڕیالیزم و پەڕناسیزم و ڕۆمانسیزم سەرهەڵدەدات. جان مۆریاس لە پێناسەکردنی ڕەمزدا دەڵێت: "شیعری ڕەمزی دژی ڕاڤەکردن و ناونان و سۆزی دروستکراو و وەسفی بابەتیە، دەیەوێ ڕوخسارێکی هەستپێکراو لەبەر بیری ڕەها بکات."(عەباس سالح عبدولا، ٢٠١٥ : ١٢٠). کەوایە سیمبولستەکان نایانەوێ ناونان و شیکردنەوە لە شیعرەکان هەبێ. بۆیە لە هەمبەر ئەمەدا پەنا بۆ دانانی ڕەمز دەبەن.

فرانک کەرمۆدا دەڵێت: "ڕەمزییەت هەوڵدانێکە بۆ گواستنەوەی ئەدەب لەبازنەی ماددەو بۆ بازنەی گیان، شۆڕشێکە لەسەر بەندایەتی ڕەوانبێژی، وەسف بەلاوە دەنرێ و شتەکان بەسروش ئاماژە کردنەوە باس دەکرێن، ڕەمز گوزارشت کردنە لەکرۆکی شتەکان."(کەمال مستەفا مەعروف، ٢٠٠٤: ١٣٧). محمد معروف فتاح لەبارەی ڕەمزەوە دەڵێت: "ڕەمز بریتیە لەو نیشانانەی کە مرۆڤ بۆ لە یەکتری گەیشتن یان وەکو چەکێکی بیرکردنەوە بەکاریان دێنێ"(نەریمان عبداللە خۆشناو، ٢٠٠٩: ٣٣). ئەوەی لێرەدا مەبەستیەتی ئەوەیە رەمز هەندێکجار بۆ لە یەکترگەیشتن و

شێوازی مامەڵەکردنی نێوان مرۆڤەکان سوودبەخشە. هەر بۆیە ئەرنست کاسیرەر لە پێناسەی ڕەمزدا دەڵێت: "ڕەمز بەرهەمێکی ڕۆشنبیرییە، دەچێتە ناو چوارچێوەی سیستەمی دەربڕین و لێکدانەوەی تایبەت بە مرۆڤەوە"(ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩: ١٦٦). کەوایە لە کۆی ئەو پێناسانەی سەرەوە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەمز پێناسەی زۆری بۆکراوە. نووسران و شارەزایانی بواری ئەدەبی تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لە بارەی ڕەمزەوە.

من وەک توێژەری ئەم توێژینەوەیە هاوڕام لەگەڵ بۆچوونی هەریەکە لە (محمد معروف فتاح و پەخشان سابیر حەمەد). لە بۆچوونەکەی محمد معروف فتاح ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە زۆر جار ڕەمز لە نێوان تاکەکان و نووسەران بەکاردێت، بەکارهێنانی ڕەمزەکەش مەبەستێکی لە پشتە. هەتا لە سەردەمی ڕژێمی بەحسدا ڕەمز بەشێوەیەکی فراوان لەنێوان خەڵک بەکاردەهات، چونکە نەیاندەتوانی هەموو قسەیەک بە ئاشکرا بکەن لە ترسی ڕژێمی بەحس، بۆیە ڕەمزیان بەکارهێنا. لە پێناسەی پەخسان سابیر حەمەد بۆ ڕەمزدا ئەوە دەردەکەوێ کە ڕەمز شتێکە لە بری شتێکی تر بەکاردێ و بەکارهێنانیشی وادەکات شوێنی بگرێتەوە. وەک ئەوەی (صدام حوسێن) وەک ڕەمزی زۆرداری و خوێن ڕێژی بەکاربێنم. لێرەدا شتێک شوێنی شتێکی تری گرتۆتەوە، وە بەکارهێنانیشی بوونێکی سەربەخۆیە.

## ٤-١ جۆرەکانی ڕەمز

لە جیهانی هزر و ئەدەبیاتدا، ڕەمز چەند جۆرێکی هەیە. وەک: (ڕەمزی ئەفسانەی، ڕەمزی مێژۆوی، ڕەمزی کەلەپووری، ڕەمزی ئاینی، ڕەمزی کەسی، ڕەمزی گشتی) کە شاعیر و نووسەران بۆ دەوڵەمەندکردن و بەهێزی بابەتەکەیان پشتی پێدەبەستن. لێرەدا هەوڵدەدەم بە ڕوونی بیانخەمەڕوو:

### ١-٤-١ یەکەم/ ڕەمزی ئەفسانەیی

چەمکی ئەفسانە (myth) بە واتای ئەو شتانە دێت کە بە زار دەردەبڕدرێت.[١] (کەمال مستەفا مەعروف، ٢٠٠٤: ١٣٧). ئەفسانە ئەو شتانە دەگرێتەوە کە دوورن لە ڕاستیەوە بەواتایەکی تر (خوڕافین). ڕاستە ئەفسانە دوورە لە ڕاستیەوە بەڵام لەخۆیەوە نەگوتراوە و نەنوسراوە بەڵکو پەیامێکی لەدواوەیە و دەیەوێ شتێک بگەینێت. ئەمەش لە ئەفسانەکانی (گرێی ئۆدیپ و سیزیف)دا دەردەکەوێ. یونگ لە بارەی ئەفسانەوە ڕایی وایە: کە ئەفسانە دەربڕینێکی ڕەمزی هەیە، کە گوزارشت لە وشیاری کۆمەڵگا دەکات. وە ئەفسانە و خەون وەک دوو شتی لێکچوو دەبینێت. (ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩: ١٨٩). د. عەباس ساڵح عەبدوڵا، لە بارەی رەمزی ئەفسانەییەوە لە توێژینەوەکەی بە ناوی هێماگەری و ڕەنگدانەوەی لە شیعری چەند شاعیرێکی ناو گۆڤاری نووسەری کوردا دەڵێت: "ئەفسانە ئەو ڕووداوانە باس دەکات کە لەسەردەمێکی زۆر کۆندا ڕوویانداوە و ئەو دیاردە گەردونیانە شی دەکاتەوە کە لەمێژە مرۆڤ خەریکی لێکدانەوەیەتی."(عەباس سالح عەبدولا، ٢٠١٥، ١٢٦). لە قۆناغە سەرەتاییەکان کە مرۆڤ پشتی بە هیچ ئایینێکی ئاسمانی نەدەبەست، ئەفسانە بەشێوەیەکی جیاواز و خێرا پەرەی سەند. خودی پەرەسەندنەکەش داهێنانی گەورە لەناو جیهانی هونەری شیعریدا. د. عەباس ساڵح عەبدوڵا لە بارەی رەمزی ئەفسانەییەوە دەڵێت: شاعیرانی کوردیش وێنەی ئەفسانەییان بەکارهێناوە بۆ

---

١. ئەم پێناسەیەی کەمال مستەفا مەعروف لە چوارچێوەیەکی تەسک دایە، چونکە مەرج نیە ئەفسانە تەنیا ئەوانە بگرێتەوە کە بە زار دەردەبڕین.

بەرجەستەکردنی وێنەی هونەری و خولقاندنی ئیستاتیکای شیعری، هێما ئەفسانەییەکان پەیوەستە بەو بنەما کۆمەڵایەتیانەی لەناو گەلی کوردا باوە و مۆرکێکی کاریگەری بەکلتوری کوردیەوە هەیە."(عەباس سالح عەبدوڵا، ٢٠١٥، ١٢٦). هەروەک دەرکەوتنی وێنەی ئەفسانەی سیزیف لە شیعرە کوردییەکاندا، وەک لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا و کەریم دەشتیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەفسانەکە لەلایەن ئەلبێرت کامۆدا نووسرایە کە ئەفسانەیەکی پوچگەراییە.

کەوایە زۆرجار شاعیران و نووسەران پەنا بۆ ڕەمزی ئەفسانەی دەبەن و بەمەش ئیستاتیکای شیعرەکە بەرز دەبێتەوە. جا ئەکرێ ڕەمزە ئەفسانەییەکە کولتووری بێ و ئەکرێ جیهانی بێ. وەک بەکارهێنانی (خدری زیندە و عەیشە شان) کە ئەمانە پەیوەستن بە کولتووری کۆمەڵگای کوردییەوە. یان بەکارهێنانی ئەفسانەی سیزیف کە جیهانییە.

## ١-٤-٢ دووەم/ ڕەمزی مێژوویی

مێژوو سەرچاوەیەکی گرنگە لە هەموو نەتەوەکاندا، کە پڕیەتی لە ڕووداوی خۆش و ناخۆش، شکست و سەرکەوتن. پڕیەتی لە کارەکتەری جیاواز. شاعیر و نووسەران زۆر جار پەنا دەبەنە بەر ڕەمزی مێژوویی. دکتۆر کەمال مستەفا کەمال مستەفا مەعروف لەبارەی ڕەمزی مێژووییەوە لە توێژینەوەکەی بەناوی ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی شاعیردا دەڵێت: شاعیر پەنا دەباتە بەر ڕەمزی مێژوویی لەلایەک ئەزموونی خۆی پێ دەوڵەمەند دەکا، لەلایەک کەسایەتییە مێژووییەکان وەک دەمامکێک وەردەگرێ بۆ ئەوەی کە گوزارشت لە هەڵوێستی شاعیر بکات یاخود کەم و کوڕیەکانی چەرخی نوێی پێ بەدەردەخا"(کەمال مستەفا مەعروف، ٢٠٠٤، ١٤٩). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوێ کە بەکارهێنانی ڕەمزی مێژوویی، ئەزموونی شاعیر زیاد دەکات، چونکە لەکاتی بەکارهێنانی هەر ڕەمزێکی مێژوویی پێویستی بە خویندنەوەی زیاتر هەیە لەسەر ڕەمزەکە، بەمەش ئەزموونی و زانیاریی خۆی بەرەو پێش دەبات.

ئاسۆ عومەر مستەفا لە کتێبی (بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخساڵح و گۆران)دا دەڵێت: "مێژوو، کەسایەتییە مێژووییەکان، ڕوداوە مێژووییەکان سەرچاوەیەکی

دەوڵەمەندن بۆ شاعیران هەتا وەکو ڕەمز شێعرەکانی پێ دەوڵەمەند دەکەن."(ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩: ١٨٤). کەوایە شاعیران ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان وەردەگرن و لە دەقەکانیان کاری پێدەکەن بەمەش ڕووداوەکان یان کەسایەتییەکان دەبنە ڕەمزی مێژوویی. وەک بەکارهێنانی کەسایەتییەکی وەک (پێشەوا قازی مپەخسان سابیر حەمەد، شێخ مەحمود، سەلاحەدینی ئەیوبی، ... هتد) کە ئەمانە خۆیان لە ڕەمزی مێژوویی دەبیننەوە. یان بەکارهێنانی ڕووداوە مێژووییەکان وەک جەنگە خوێناوییەکەی شاری باسکەکان کە دواتر پیکاسۆ لە شێوەی تابلۆیەک دەیکێشێت. (تابلۆی گویێرنیکا) کە لەلایەن نیگارکێشی بە توانا پیکاسۆ کێشراوە، بەناوبانگترین تابلۆی سەردەمەکەیەتی، ئەم تابلۆیە گوزارشت لە دۆخی ڕیالیستی بۆردومانی فرۆکەکانی ئەڵمانیای نازی دژ بە شاری گویێرنیکای شاری باسکەکان دەکات، لە کاتی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا لە مانگی چواری ساڵی ١٩٣٧ دا، پیکاسۆش ئەم دۆخە نالەبەرەی کۆمەڵگا لە تابلۆیەک دەنەخشێنێت بە ناوی گویێرنیکا وەک هێمایەک بۆ وێنای کاولکارییەکانی جەنگ و دژی جەنگ.

## ١-٤-٣ سێیەم/ ڕەمزی ئایینی

ڕەمز پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئاییندا هەیە، شاعیریش ئایین و ڕووداو و کەسایەتییە ئایینییەکان وەکو ڕەمز لە شیعرەکانیان بەکاردەهێنن. (ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٩) . وەک بەکارهێنانی پێغەمبەر یوسف وەک ڕەمزی جوانی ڕووخسار و سەرکەوتن بەسەر شەهوەت، کە چۆن نەکەوتە داوی زولەیخا کە داوای سێکسی لێکرد. یان پێغەمبەر ئادەم وەک ڕەمزی هێز. پەخشان سابیر لە بارەی ڕەمزی ئایینی لە کتێبی ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی دەڵێت: "ئایین فراوانترین بوارە لە زاکیرەی شاعیراندا بایەخێکی گرنگی پێدرابێت، بەتایبەتیش بۆ شاعیرانی کورد بابەتێکی پێویست وکاریگەر بووە، هەر لە شیعری کلاسیکدا تا ئێستا ئایین بالآترین پایەو شوێنی پێ بەخشراوە (پەخسان سابیر حەمەد، ٢٠١٢: ٢٤٦).

ئەگەر سەیری ئەدەبی کلاسیکی کوردیی بکەین، دەبینین شاعیرە کلاسیکییەکان بەشێوەیەکی فراوان مامەڵەیان لەگەڵ ئایین کردووە، بەشێوەیەک ڕەنگە هیچ شاعیرەک نەبێ شیعری بۆ ئایین و پێغەمبەر و خودا نەگوتبێ، ئەکرێ هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شاعیرانی کلاسیک پەروەردەی ئایین بوون، چونکە لە کۆندا فێربوون و خوێندن لە حوجرە و مزگەوتەکان بووە. دکتۆر عەباس سالح عەبدوڵا لە بارەی ڕەمزی ئایینی دەڵێت: "شاعیری هاوچەرخ لە بەکارهێنانی ڕەمزدا بە عەقڵیەتی ئایین بیرناکاتەوە لەمەدا دەردەکەوێت، کە لەنێوان ئەزموونی سۆفیەتی و تاقیکردنەوەی شیعریدا جیاوازی هەیە. لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا هێمای ئایینی پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە و بە مەبەستی جیاجیا بەکارهاتووە. (عەباس سالح عەبدوڵا، ٢٠١٥: ١٢٩). کەوایە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە شاعیرانی هاوچەرخ جیاوازتر لە شاعیرانی کلاسیک بیر دەکەنەوە. شاعیرانی کلاسیک زیاتر عەقڵیەتی ئایینییان هەبوو، بەڵام شاعیرانی هاوچەرخ فراوانتر و جیاوازتر بیردەکەنەوە.

## ١-٤-٤ چوارەم/ ڕەمزی کەسی

هەموو شاعیرێک بەپێی ئەزموون و مەعریفەی خۆی توانای دروستکردنی ڕەمزی هەیە. جا ئەو ڕەمزەی خۆی دروستی دەکات پێی دەوترێ ڕەمزی کەسی. ئەم ڕەمزە ئاستێکی باڵای هەیە، پێشتر کەس بەکارینەهێناوە، چونکە پەیوەندیی بە خودی نووسەرەکە هەیە، خۆی خولقێنەری ڕەمزەکەیە. ئەم جۆرە بە ڕەمزی زیندووش دەناسرێ، چونکە شاعیری خۆی دروستی دەکا و گیانی پێدەبەخشێ. (ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٤).

ئاسۆ عومەر مستەفا لە بارەی ڕەمزی کەسی لە کتێبی (بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران)دا دەڵێت: "ڕەمزی کەسی ئەو ڕەمزە بەرزانەن کە بیری شاعیری داهێنەر دەیانخولقێنێ بەبێ ئەوەی پێشتر نموونەی هەبووبێ."(ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٤). کەوایە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەمزی کەسی پەیوەستە بە خودی شاعیرەوە، ئەو ڕەمزانە دەگرێتەوە کە شاعیر خۆی دروستی دەکا و پێشتر نموونەی نەبووە، بە واتایەکی تر پێشتر بەکار نەهاتووە. من پێموایە تێگەیشتن لەم جۆرە ڕەمزە کارێکی ئاسان نییە، چونکە پێویستمان بە تێکەلبوونی زۆری فکری نووسەر هەیە. وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا نووسەر خۆی خولقێنەری ڕەمزەکەیە. (عەباس سالح عەبدوڵا، ٢٠١٥: ١٢٩). من پێموایە خوێندنەوە و دونیابینی نووسەر ڕۆڵێکی فراوان دەگێڕی لە دروستکردنی ڕەمزی کەسی، مەبەست لێی ڕەمزێکی بەهێز و کاریگەرە، چونکە لە ئەنجامی خوێندنەوە و چوونە ناو ئەدەبیاتی میللەتان، ئاشنایەتی زیاتر وەردەگرێ و ئاستی مەعریفەی خۆی بەهێزتر دەکات، بەمەش توانای دروستکردنی ڕەمزی کەسی لای شاعیر و نووسەر بەهێزتر دەبێت.

## ١-٤-٥ پێنجەم/ ڕەمزی گشتی

هەموو ئەو ڕەمزانە دەگرێتەوە کە زۆربەی میللەتان وەک یەک دەیبینن. بۆ یەک مەبەست و ئامانج بەکاریدەهێنن (ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٦). بۆ نموونە ڕەنگی ڕەش وەک ڕەمزی خەم و ماتەمینی وایە لای زۆربەی میللەتان، لە کاتی ناشتنی ئازیزەکەیان یان دانانی پرسە هەموویان بە ڕەنگی ڕەش بەشداری تێدا دەکەن. بە پێچەوانەوە ڕەنگی سپی مانای ئاشتییە، ئەگەر لە فیلمە ئاسایی و ئەکشنەکانی کۆن و نوێ ورد ببینەوە دەبینین کە لە کاتی جەنگدا لایەنێک داوای ئاشتی دەکات ئالایەک بە ڕەنگی سپییەوە بەرز دەکاتەوە.

هەندێجار ئەم ڕەمزە بە ڕەمزی مردوو ناودەبرا، چونکە هیچ زیندوویەکی تێدا بەدی ناکرێ. یۆنگ لەم بارەیەوە دەڵێت: "ڕەمزی مردوو ئەو ڕەمزەیە کە لە قسەکردندا بەکاردێ و گوزارشت لە مانای ئاسایی دەکا، وەکو گوڵ بۆ ڕەمزی خۆشەویستی، کۆتر و زەیتون بۆ ڕەمزی ئاشتی"(ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٦). گەر سەرنج بدەین گوڵ هەمیشە بۆ ڕەمزی خۆشەویستی بەکارهاتووە. ئەگەرچی لە پاڵ خۆشەویستی بۆ کۆمەڵێک ڕەمزی تر بەکارهاتوون، بەڵام پێموایە خۆشەویستی بە پلەی یەکەم دێت. هەروەک لە کاتی پێدانی بەڵێنی خۆشەویستی بە یەکتری، ئەوە گوڵ پێشکەش بە یەکتری دەکەن، کەوایە لێرەدا گوڵ ڕەمزی خۆشەویستی دەگەیەنێت کە ڕەمزێکی گشتییە لای زۆربەی میللەتان وەک یەکە.

پێموایە دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین هەندێ شت بە ڕەمزی گشتی دادەنرێ، بەڵام ئەکرێ لە شوێنێک پێچەوانە بێت. بۆ نموونە ڕەنگی ڕەش و سپی لە زۆربەی میللەتان بەیەک مەبەست بەکاردێ و یەک ڕەمزی هەیە، بەڵام هەمان ڕەنگ لە هیندستان ڕەمزەکەی جیاوازە. ڕەنگی ڕەش لە هیندستان واتای خۆشی و شادییە، ڕەنگی سپی واتای خەم و شوومییە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتان پێچەوانەیە.

## ٢- بەشی دووەم

ڕەمز یاخود سیمبول وەک ئاماژە و نیشانەیەک لەنێو تێکستی ئەدەبیدا چەندان دەلالەتی جیاواز و جۆراو جۆر بە تێکست دەبەخشێت. بۆ ئەم مەبەستەش نووسەران و ڕۆشەنبیران بۆ ئەوەی فرە ڕەهەندی و دەلالەتی جۆراو جۆر دروست بکەن پەنا دەبەن بەر بەکارهێنانی ڕەمز. جا بەپێی تێگەیشتن و ئایدیای نووسەران دەشێ جۆری بەکارهێنانی ڕەمز جیاواز و جۆراو جۆر بێت، وەک ئەمانەی خوارەوە کەوا ئەحمەدی مەلا لە ڕۆمانی زاکیرەی با، بەکاریهێناوە.

### ٢-١ ڕەمزی ئەفسانەیی

ئەحمەدی مەلا وەک ڕۆماننووسێکی کورد، هەوڵیداوە رەمزی ئەفسانەی بەکاربهێنێ، ئەمەش زیاتر بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی نووسینەکەیەتی، لەم بارەیەوە لەنێو ڕۆمانەکەیدا دەڵێت: ((**هەستم دەکرد لە ناو جەرگەی ئەو کابووسانەم کە لە سەرەتای پەناهەندەبوونم بێوچان دەمبینین. خەون و کابووس ماوەکان لەیەک نزیک دەکەنەوە))(ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢: ٨١). لێرەوە تێیدەگەین** عفریت یان کابووس یان دێوەزمە، خاوەنی باڵایەکی زەبەلاح و گەورەیە و بەڵگەشمان بۆ ئەوە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە کە دەفەرموویێت: [قَالَ عِفْرِيتٌ مِّنَ الْجِنِّ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَ وَإِنِّي عَلَيْهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٌ] (٣٩). [ قَالَ عِفْرِيتٌ مِنَ الْجِنِّ] لەناو جنەکاندا عفریت کە جنێکی زۆر گەورە بوو وەکو شاخ وابوو، وتی: [أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ تَقُومَ مِنْ مَقَامِكَ] من ئەو عەرشە گەورەیەت بۆ دێنم و لەبەر دەستدا دایئەنێم پێش ئەوەی کە تۆ دانیشتوویتە لە جێی خۆت هەستیتە پێوە [وَإِنِّي عَلَيْهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٌ] (٣٩) وە من بۆ هێنانی ئەو عەرشە زۆر بەهێز و ئەمینم و دەستکاری هیچ شتێکی ناکەم. (قورئانی پیرۆز، سورەتی نەمل، ئایەتی ٣٩). کابووس، ترسێکی ئەفسانەییە. شەوان کاتێک دەخەوی بۆت دێت و دەست لە یەخەت گیر دەکات و بەتەواوی ئیفلیجت دەکات و هیچت بۆ ناکرێت. زۆر هاوار دەکەیت، کەس گوێی لە دەنگت نابێت و هەتا لە پڕ وازت لێدێنێت و دەڕوات. تۆش لە تاو ترسی خۆت هەڵدەستیت پەرداخێک ئاو دەخۆیتەوە و دوایی هەوڵدەدەیت بخەویتەوە. لە کاتی خەودا، جەستە بە شێوەیەکی گشتی لە

هەر گرژییەکی ماســولکەکان بەرگری دەکات. لیمۆین دەربارەی ئەم دۆخە دەڵێت: "ئەو هەســتە نەرێنییانەی بەهۆی ئەم خەونەوە دروســـت دەبن، بە شــێوەیەکی ســیســـتەماتیکی دەبنە هۆی هەستانەوە، هەندێک جار لە ڕێگەی ڕاپەڕینی تەواوی جەستەوە دڵەڕاوکێدا دەبن."(چاوپێکەوتنی کەناڵی جەزیرە، ئۆنلاین، ٢٠٢٢/٣/٢٧)[٢] دڵ بە شـــێوەیەکی ناڕێکی لێدەدات، ئێمە ناتوانین بە ئاســـودەیی هەناســـە بدەین، هەندێک جار ئەم هەســتانە لەگەڵ هەسـتی. **((ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دەست هۆزە کەلە ڕەقەکەی یاخی دەبێت و لە داخا دەبێتە بەرد. بەردێکی رۆحلەبەر))(ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢: ٤٢).** وا دیارە هۆزەکەی ئەوەندە نامرۆڤانە ڕەفتاریان کردووە و ئەوەندە کەلەڕەقە بوونە بیر و هزری بزوانـدووە و وایکردووە وەکو بەردێکی لێ بێـت. بوونە بەردی مرۆڤ، ڕەمزێکی ئەفســـــانەییە، چونکە ئەگەرچی مرۆڤ چەندە بێدەنگیش بێت، هەر ناچار دەبێت کە بجووڵێت و بەدەنگ بێت و ناتوانێت تا ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگیی و هەر لە شوێنێکدا بمێنێتەوە.

یاخیبوون

یاخیبوون لە قەدەر و چارەنووس و کەسەکان بێهوایی نییە، هەندێک جار یاخیبوونەکە پێویستە. هەمان شت لە ئەفسانەی سیزیفدا دەرکەوێ، کە وەک دۆخێکی پووچێتی وایە. دکتۆر ئەحمەد میرە لە کتێبی یاخیبووندا دەڵێت: "پوچێتی ئەوەیە مرۆڤ لە قەدەر و چارەنووس یاخی نەبێت و پێی ڕازی بێت، هەر لە ناوەڕۆکی ئەم ئەفسانەیەدا (مردن) مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا دەکرێت" (ئەحمەد میرە، ٢٠٢٠: ٤٦). لە ڕۆمانی زاکیرەی با، دۆخی نووسەر ئەوەندە خراپ بووە وایلێهاتووە، یاخی ببێت، بەهەمان شێوە مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ مردندا دەکات.

---

تێبینی: بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم، کە ئەو سەرچاوانەی لە پراکتیکیدا سوودم لێوەرگرتوون، لە پاشکۆکان بەپێی ڕیزبەندی ژمارەکان دابنێم.

## ٢-٢ ڕەمزی مێژوویی

ئەحمەدی مەلا سەبارەت بە بەکارهێنانی رەمزی مێژوویی وەک هەر جۆرێکی دیکەی رەمز هەوڵیداوە سوود وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردۆتە بەر کارەسات و ڕووداوەکانی مێژوو، کەوا وەک رەمز لە یادگەی کۆمەڵانی خەڵک ماوەتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **((کارەساتە گەورەکە حەرەس قەومییەکانن کە وەک کولەی برسی، وەک لەشکری جەنگیزخان، روخسار تاریک و هەنیە گرژ، قەدباریک و چاوبرسی، عەبالەشان وەک بێچووی ڕەشەبا. (ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢: ٣٨).** لەم دەقەدا (لەشکری جەنگیز) وەک ڕەمزێکی مێژوویی بۆ حەرەس قەومییەکان بەکارهاتووە. جەنگیزخان یەکێکە لە کەسایەتییە مێژووییەکان کە بە دامەزرێنەری دەوڵەتی مەغۆلەکان دادەنرێت، توانی لەشکرێکی یەکجار بەهێز دروست بکات، دەیان شوێن داگیر بکات. واسلی یان لە کتیبی جەنگیزخاندا دەڵێت: "ساڵی ١١٥٥ ز، لە ناو خێزانێکی فیوداڵی کۆچ ڕەودا پیاوێک بەناوی (ئیسوگی پاڵەوان) لە کەنارەکانی ڕوباری (کرولن – ئەنون) لە مەغۆلستانی ناوەندا دەژیا، کوڕێکی هاتە دونیاوە بەناوی (تیمۆجین). دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (جەنگیز خان)" (واسیلی یان، ٢٠٠٩: ٢٠). هەر ئەم تیمۆجینە کە ناوەکەی دواتر گۆڕدرا بۆ جەنگیزخان سەرکردەیەکی دیاری مێژووی مەغۆلەکانە، کە توانی بە سوپاکەی سنووری حوکمڕانیی خۆی فراوان بکات. ئەم ڕەمزە مێژووییە، چونکە یەکێک لە کەسایەتییە مێژووییەکان وەک ڕەمز بەکارهاتووە. لەمەش پتر **((بیرم لەوە نەدەکردەوە کە باڵندەیەکی کێوی دەبێت چۆن بڕوانێتە ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی کە دووچاری بووە. ڕەق و هیشک، وەک بالندەیەکی مۆمیاکراو. ئەمە کۆچێکی ناوەختە و نەک تەنها هەر سروشتی ژیانی تەسک دەکاتەوە بەڵکو دەشیشێوێنێت))(ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢: ١١).** لەم دەقەدا (مۆمیا) وەک ڕەمزێک بۆ ئەو باڵندە پێچراوە بەکارهاتووە کە بریندارە توانای کۆچکردنی نییە. شیرین طقاطقة لە بارەی مۆمیاکردن لای میسرییەکان دەڵێت: ((هۆکاری سەرەکی لەپشت پرۆسەی مۆمیاکردنەوە کە میسرییە کۆنەکان ئەنجامیان دەدا، باوەڕێکی تەواویان بە بوونی ژیانێکی دیکەی دوای مردن بوو، بۆ ئەمەش ئەوان ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەوەی مردووەکە ئامادە بکەن بۆ ئەو ژیانە نوێیەی کە ئەو بۆی دەگوازرێتەوە، جگە لەوەی یارمەتی

ڕۆح بدات بۆ ئەوەی بە ئاسانیی ئەو لاشەیە بناسریتەوە کە تێیدا بووە))(شیرین طقاطقة، سایتی موضوع، ئۆنلاین). میسرییە کۆنەکان پاشاکانی خۆیان مۆمیا دەکرد، بڕوایان وابوو کە ڕۆژێک دێت ئەوان زیندوو دەبنەوە. ئەم ڕەمزە مێژووییە. نووسەر لە ڕێگەی یەکێک لە بابەتە مێژووییەکان ڕەمزی دروست کردووە. **((ئێستاش چاڵە ئاوە کۆنەکان، ئاوی چەندین ساڵە گیای کێوی، ئەستوور، ڕەنگ تێر لە لێوارەکانییانەوە ڕوواون. دەڵێی ڕوەکی و گیانەوەرن. هەزارەها، ملیۆنەها بەردی گەورە و بچووک، دەتوت لە لەهییەکانی نووحەوە کەوتوونەتە خوارێ، وەکوو دۆشەکی ئەجندان خڕەکەیان داپۆشیوە))(ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢: ٣٣).** لەم دەقەدا یەکێک لە ڕووداوە مێژووییەکان وەک ڕەمز بەکارهاتووە، کە ڕووداوی لافاوەکەی پێغەمبەر نوحە. لێرەدا نووسەر دەڵێت: دەتوت ئەو بەردە گەورە و بچووکانە لە لافاوەکەی نووحەوە کەوتوونەتە خوارەوە. نووح یەکێک بوو لە پێغەمبەرەکان بانگەوازی بۆ ئاینی ئیسلام دەکرد، کەشتییەک دروستکرد، وتی لافاو دروست دەبێت، بەڵام بڕوایان پێنەکرد و گاڵتەیان پێکرد، دواجار ئاو هەستاو خەلکانێکی زۆر ژێر ئاو کەوتن.

سەبارەت بە کەشتییەکەی نوح، قورئان لە سوڕەتی هود ئایەتی ٣٧ دەفەرمووێت: "لەسەر فەرمانی خوا بنیات نراوە. خوای گەورە فەرمانی بە نوح کرد کە بە زانست و ڕێنماییەکانی و بە یارمەتی فریشتەکان کەشتییەک دروست بکات. خوای گەورە فەرمانی داوە: "لەژێر چاوەکانمان و بە ئیلهامی خۆمان کەشتییەکە دروست بکەن و بەناوی ئەو کەسانەی کە هەڵەیان کردووە قسەم لەگەڵ بکەن؛ بە دڵنیاییەوە دەخنکێن" (قورئانی پیرۆز، سوڕەتی هود، ئایەتی ٣٧). ئەم ڕەمزە مێژووییە، چونکە ڕووداوێکی مێژوویی وەک ڕەمز بەکارهاتووە.

## ٢-٣ ڕەمزی ئایینی

ئەمەش بەشێکی دیکەیە لەو ڕەمزانەی کەوا ئەحمەدی مەلا قورسایی خستۆتە سەری، لەنێو ڕۆمانەکەیدا ڕەنگی پێداوەتەوە، بۆ نموونە:

**((کاتێکیش هەواڵ دەنێرنە شێخەکەی تولّکی، یا شێخی کەنفت، ڕیشە سپییەکەی تا قەراغ گۆڕ شۆڕ ببووەوە، پشت کۆم برۆکانی لەملاوئەولاوە لوول ببوو. لەگەڵ نوێژی بەیانیان، هەموو ڕۆژێک چاوی تێر کل دەکرد. عەبایەکی سەوزی دەدایە سەرشان، دەیانوت عەبای خدری زیندەیە))(ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢: ٧٨)**. سەبارەت بە ناوی خدری زیندە ڕا و بۆچوونی جیاواز هەن، لە کتێبی خدری زیندە ئامۆژگاری پێشکەش دەکات هاتووە کە: ((ناوی (بلين بن ملكان) بووە، هەروەها وتراوە: (ايليا) و (المعمر) و (ارميا) و (خضرون) ... هتد بووە.))(عبدالجبار قەرەداغی، ٢٠١٢: ٧). لەم دەقەی سەرەوەدا (خدری زیندە) وەک ڕەمزی (مێژوویی، ئایینی، ئەفسانەیی) دەردەکەوێ، بۆچوونی جیاواز هەیە لەبارەی خدری زیندەوە، هەندێکیان وەک ئەفسانە باسی دەکەن، هەندێکی تر وەک پێغەمبەر و کەسایەتی ئایینی، بەڵام زیاتر وەک کەسایەتییەکی ئایینی دەردەکەوێ، چونکە فەرموودەی و گێڕانەوەی ئایینی لەبارەوە هەیە. پێموایە بەکارهێنانی عەبای سەوز بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خدری زیندە جلوبەرگی سەوز بوو، هەتا لە شوێنێک دانیشتبایە گیای سەوزی لێدەڕوا. عبدالرەزاق قەرەداغی لەم بارەیەوە لە کتێبی خدری زیندە ئامۆژگاری پێشکەش دەکات دەڵێت: خدری زیندە لە شوێنێکی وشکانی دانیشتبایە چواردەوری دەبوو بە وشکانی، هەتا ئەو شوێنەی پێی لەسەر دادەنا گیایی لێوە شین دەبوو، وە جلوبەرگی خدری زیندە سەوز بووە. (أبو هريرة) پێی وایە وشەی (خضر) بە واتای (سەوزایی – شینایی) دێت. وەک لەسەرەوە خستمەڕوو ئەم ڕەمزە زیاتر بەلای ڕەمزی ئایینییەوە دەڕوا.**((هەموو کەس لە سەر ئەوە ڕێکبوون کە یاشێخ خاوەن کەرامات و بەڵکو و تواناکانیشی دەگاتە ئاستی موجیزە. دوای ئەوەی هەواڵ دەگاتە یاشێخ، ڕۆژی دوای بە دوای باپیرەما دەنێرن، چونکە باپیرە چووبووە خەوی و وتبووی "هیچ نیە بۆ خاتری غەوسی گەیلانی چاک دەبێتەوە. چاکی دەکەمەوە، پەنا بە خوا))(ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢: ٨١)**. شێخ عبدالقادری گەیلانی لەساڵی ٤٧٠

ی کۆچییدا لەگەیلان لەدایک بووە. ناوبراو لە گوندێک بەناوی نیف لە ناوچەی گەیلان لەباکووری ئێران لەدایک بوو. دواجار لەدرەنگانێکی شەودا و لەساڵی ٥٦١ ی کۆچییدا لەبەغداد کۆچی دوایی کرد. گۆڕەکەی لەبەغدایە."(نهاد جەلال، سایتی زانیاری، ئۆنلاین). [3] بەڵام ئێستاش کۆمەڵێک خەڵک هەن دەچن بۆسەر گۆڕەکەی و لێی دەپاڕێنەوە، هاواری بۆ دەکەن و داوای نزا و چارەسەری لێ دەکەن بۆ دەرد و بەڵاکانیان. ئەوەش تاوانە و شێخ عەبدولقادر تا لە دونیادا بوو دژی ئەو جۆرە تاوان و کردەوانە بوو.

لەم دەقەی سەرەوەشدا شێخ عەبدولقادری گەیلانی (غەوسی گەیلانی) وەک ڕەمزی کەسایەتییەکی ئایینی شیفادەر باس دەکرێ. هەتا پێشتر پێیان وابوو: غەوسی گەیلانی ئەوەندە کەسێکی پیاو چاک بووە وێنەی نەبووە. گەر سەرنجی پیاو و ئافرەتی بەتەمەن بدەین کە ئێستا لە ژیاندا ماون، لە کاتی نەخۆشیدا بانگی (غەوسی گەیلانی) دەکەن، ئەمەش لە هەمبەر ئەوەدا باس دەکرێ کە ناوبراو لە پاکی و باشیدا وەک فریشتە بووە. ئەم ڕەمزە پێی دەوترێ ڕەمزی ئایینی. **((بەیانی زۆر زووە هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو گەیشتینە گەڕە شێخان. ئیتر هاوینێک و پایزێک و زستانێک لەو گوندە ماینەوە. شەوانی ئەو گوندە شەوانی گریان و چاوەڕوانییە، شەوانی تەنهایی ژێر ئەستێرەکانە، شەوانی بێدەنگی و سکاڵاکردنە، شەوانی دوعاو پاڕانەوە و نزاکردنە))(ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢: ٤١)**. لەم دەقەدا (دوعا و پاڕانەوە و نزاکردن) وەک ڕەمزێکی ئایینی بەکارهاتوون. مرۆڤ کاتێک دەکەوێتە تەنگانە دەست بە دوعا و پاڕانەوە دەکات، ئیدی پێی وایە هیچ شتێک دادی نادات جگە لە دوعا و پاڕانەوە. لە ئایینی ئیسلام دوعاکردن بەشێوەیەکی فراوان لە شەواندا ئەنجامدەدرێت، هەر بۆیەش شەو ڕەمزێکی ئایینی هەیە لای سۆفی و عاریفەکان.

## ٢-٤ ڕەمزی کەسی

**ئەم جۆرەشیان قورسایی لەنێو ڕۆمانەکەدا لەبەر چاو گیراوە، ڕۆماننووس بەشێوەیەکی سەرنج کێش لەنێو ڕۆمانەکەیدا مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. بۆ نموونە، ((ئێستا تامی ئەو نانە تەنها لە زاکیرە هەرە قووڵەکانی باپیرە زیندووە. ئێوارەیەک مەرگ بە خۆی و عەبا ڕەشەکەی کۆلی هات و ڕۆحی باپیرەی بۆ کەشکەلانی ئاسمان بەرز کردەوە))(ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢: ٧٨).** لەم دەقەدا (عەبا ڕەشەکە) وەک ڕەمزی ستەم و ناخۆشیی دەرکەوتووە، هەر وەک چۆن ئەوانەی شوێنەکان داگیر دەکەن ئەو سوپایانە بە جلی ڕەشەوەن، لە کاتی شەڕدا زۆرجار هەندێک کەس لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر دەگوازرانەوە واتە کەسەکانییان لێک دەکردن، لێرەشدا هەمان شت بەدی دەکرێ. مەرگ بە عەبایەکی ڕەش هات و باپیرەی لێسەندەوە. نووسەر ئەمەی وەک ڕەمزێک بۆ سوپا ستەمکارەکە داناوە کە باپیرەیان کوشتووە. ئەم ڕەمزە کەسییە، چونکە نووسەر خۆی دروستی کردووە. لە لایەکی دیکەوە دەڵێت: ((**پرسیارم لەخۆ دەکرد چۆن جارێکی دی دایکم ڕاگرتنی ئەم گۆترەم لێ قبوول دەکات؟. سەرەرای سپێتی و بێگەردی ئەم کۆترە، بۆ دایکم نەک تەنیا پیس و پۆخڵ بوو، تەنانەت ڕەمزی شوومی و نەگبەتیش بوو. بە نیسبەت باوکیشمەوە تەیروتواڵ لە خوێندنی دەکردم))(ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢: ٨٧).** لە زۆر حاڵەتدا کۆترە سپییەکە بە هێمای ئاشتی دادەنرێت، بەڵام بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونت دەتوانێت مانای دیکەی هەبێت، هەروەها کۆتر وەک هێمای دڵسۆزی سەیر دەکرێت. لە زۆرێک لە کولتوورەکاندا بە هێمای بەختی باش بۆ پەیوەندییەکان دادەنرێت. زۆرجار کۆترەکان وەک دیاری دەدرێن بەو کەسانەی کە تازە هاوسەرگیریان کردووە یان ئەو هاوسەرانەی کە ئاهەنگی ساڵڕۆژەکەیان دەگێڕن." (کریستین هاوکینس، سایتی ئۆنلاین)(4). لەم دەقەی سەرەوەدا کۆتری سپی وەک ڕەمزی شوومی دەردەکەوێ، ئەگەرچی کۆتری سپی لە گشت وڵاتان بە ڕەمزی ئاشتی دادەنرێ، بەڵام لەم هەلومەرجەی نووسەر کۆتری سپی لە ڕوانگەی دایک و باوکییەوە بۆتە ڕەمزی شوومی و ناخۆشی، چونکە دایک و باوکی نەیاندەویست خەریکی بەخێوکردنی کۆتر و تەیرەکان بێت. ئەم

ڕەمزە کەسییە، چونکە تەنیا لای ئەوان وابووە، دۆخی نووسەر و دایک و باوکی وایکردووە کۆتری سپی ببێتە ڕەمزی شوومی.

## ٢-٥ ڕەمزی گشتی

ئەم جۆرەشـــیان لەنێو دونیابینی ڕۆماننووســـدا و لە شـــێوازی دارشـــتنەوەی ڕۆمانەکەیدا پانتاییەکی بەرفراوانی هەیە بۆ نموونە، ((**ئێوارەی یەکەم، بە بێ بڕیار، ماتەمینێکی بۆ هێنان. دەبوایە شـتێکیش هەبوایە بۆ ئەوەی ئەم ماتەمینییە بڕەوێنێتەوە. ئیتر سـەرەتای ژیانێکی نوێیە. ســاکارترین تەماشــاکردن ئەوەی بۆ روون دەبوەوە کە ئێمە پەناهەندەی ماڵی خۆمان بووین. کەس پیلی نەگرتبووین و بە زۆرەملێ گوند بەدەرمـان کـات و بمـانهێنێ و لە مـاڵە غەریبە دامانێت))(ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢: ١٩)**. مرۆڤ زۆر جار دەکەوێتە دۆخێک، وەک ئەوە وایە کە کەسێکی لەدەستدابێت. بە سـەرنجدان لەم دەقەی سـەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوێ کە وشـەی (ماتەمینی) وەک ڕەمزی ناخۆشـــی و خەم و پەژارە بەکارهاتووە. "بێگومان هیچ لیســـتێکی هێمـاکـانی پەیوەســـــت بە مردن بەبێ ڕەنگی ڕەش تەواو نـابێت. ئەمە ئەو ڕەنگەیە کە لە کولتوورەکانی ڕۆژئاوادا بۆ پرسە لەبەری دەکەین. تاریکە، ڕەنگدانەوەی کاڵبوونەوەی ڕووناکی ڕۆحە کاتێک کاڵ دەبینەوە بۆ ژیانی دوای مردن. لە ســـەدەکانی ناوەڕاســـت جل و بەرگی ماتەمینی هەمیشــە ڕەش بوو بۆ ئەوەی نمایشـێکی دەرەکی هەسـتی ناوەوەی گێژاوی نیشــان بدات."(سایتی ئۆنلاین)(5) لەم دەقەی ئەحمەدی مەلا دۆخێکی ماتەمینی دروست بووە.

لەم دەقەدا نووسەر (ماڵی غەریبە) وەک ڕەمزی ناخۆشی بەکارهێناوە، کە دەلالەت لەوە دەکات کە ئەوە ماڵەی وەریانگرتووە بەلای ئەوانەوە شتێکی سەیر و بێگانەیە. بە هەمان شێوەێ کە ئادەم لە بە هەهەشت دەرکرا و هاتە سەر زەوی و بە زەوی نامۆ بوو. لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی ماموستا هەژار موکریانیدا، وشەی (غەریبە) چەند واتایەک دەگەیەنێت وەک: (شتێکی سەیر، بێگانە، کەسی نەناسراو، کەسی بێدەنگ) نامۆبوون وادەکات هەست بە کەمێک دڵەڕاوکێ یان ترس بکەیت. ئەم ڕەمزە پێی دەوترێ ڕەمزی گشتی، چونکە لای هەمووان وەک یەکە. لە

لایەکی دیکەوە دەڵێت: ((**بۆ ڕۆژی دوایی باوکم دەچێتە لای بەڕێوەبەر و لەو کێشەیەی کۆڵیبووەوە. بەڕێوبەر بە زمانێکی ئیستیعماری وتبووی: باڵندەیەکی غەریب بکەوێتە قەفەزێکی غەریبەوە، تا یەک دوو ڕۆژ شەڕە دەنووکە و پاشان هەموو بە ئاووهەوای نوێ رادێن))(ئەحمەدی مەلا، ٢٠١٢: ٢٢)**. مارگارت خان لە بارەی کۆلۆنیالیزم دەڵێت: "کۆلۆنیالیزم دیاردەیەکی مۆدێرن نییە. مێژووی جیهان پڕە لە نموونەی کۆمەڵگایەک کە وردە وردە فراوانتر دەبێت بە تێکەڵکردنی خاکی تەنیشت یەکتر و نیشتەجێکردنی خەڵکەکەی لەسەر خاکی تازە داگیرکراو."(سایتی ئۆنلاین)(6) داگیرکاری تەنیا لە ڕووی خاک نییە، بەڵکو زمان و کولتوور و فەرهەنگ ...هتد دەگرێتەوە. لەم دەقەی سەرەوەدا وشەی (ئیستیعماڕ) وەک ڕەمزی داگیرکاری هاتووە، کە بەڕێوەبەری قوتابخانە بەکاریهێناوە. بەڕێوەر دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، هەموو شتێک لەژێر دەستی خۆی دایە و داگیری کردووە. ئەم ڕەمزە گشتییە لە هەموو شوێنەکان وەک یەکە. وشەی (باڵندەیەکی غەریب) وەک ڕەمز بۆ گێڕەرەوەی چیرۆکەکە بەکارهاتووە. بەڕێوەبەری قوتابخانە لە ڕێگەی گێڕانەوەی نموونەیەک باڵندەکە دەکاتە ڕەمز، واتە دۆخی کەسەکەی بە دۆخی باڵندەیەک دەچوێنێ، لەجیاتی ناوی کەسەکە ببات، باڵندەکە وەک ڕەمز دەخاتە شوێنی کەسەکە. بەمەش ڕەمزی کەسی دروست دەبێت، چونکە ئەم ڕەمزە پێشتر بەکارنەهاتووە، بەڵکوو لێرە بە مەبەست دروستکراوە.

## ئەنجام:

دوایی تەواوبوونی ئەم توێژینەوەیە لە کۆتایدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتم:

١. ڕۆمانی زاکیرەی با، ڕەمزێکی زۆری تێدا بەکارهاتووە، بەجۆرێک تێگەیشتن لە ڕەمزەکان کارێکی ئاسان نیە.

٢. ئەحمەدی مەلا مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ وشە و دەستەواژەکان کردووە، بەمەش توانیویەتی ڕەمزی بەهێز دروست بکات، بەجۆرێک کە خوێنەر ناچار بکات، بۆ سەرچاوەی کۆن بگەڕێتەوە تا لە مانای دەقەکان تێبگات.

٣. ڕۆمانی زاکیرەی با لە گشت جۆرەکانی ڕەمزی تێدایە، بەمەش دەتوانم بڵێم ئەم ڕۆمانە لەڕووی سیمبولیزمەوە دەوڵەمەندە.

٤. لە ڕۆمانەکە ئیستاتیکایەکی جوان و بەهێز لە ڕەمز بەکارهاتووە.

٥. هەندێجار ڕەمزێکی گشتی دەکرێ ببێتە ڕەمزێکی تایبەت، ئەمەش لەناو ڕۆمانەکە دەردەکەوێ، کە کۆتری سپی لە ڕەمزی ئاشتیەوە بۆتە ڕەمزی شوومی، ئەمەش پەیوەستە بە دۆخی نووسەرەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:


- ئاسۆ عومەر مستەفا (٢٠٠٩) *بەها ئیستاتیکییەکان لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالح و گۆران*، چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی خانی.
- د. ئەحمەد میره (٢٠٢٠) *یاخیبوون*، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ڕەهەند.
- ئەحمەدی مەلا (٢٠١٢) *زاکیرەی با*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.
- پەخشان سابیر حەمەد (٢٠١٢) *ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠ - ١٩٩١*، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- جمال حبیب الله (٢٠١٣) *دەروازەی شیعرناسین*، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی نارین.
- کەمال مستەفا مەعروف (٢٠٠٤) *ڕمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا*، گۆڤاری زانکۆیی سلێمانی.
- شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٥) *فەرهەنگی خاڵ*، چاپی دووەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس
- عبدالسلام سالار (٢٠١١) *هێماگەری و ڕەنگدانەوەی لە شیعری گۆراندا*، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- عبدالجبار قەرەداغی (٢٠١٢) خدری *زیندە ئامۆژگاری پێشکەش دەکات*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سیما.
- د. عەباس ساڵح عبدوڵا (٢٠١٥) *هێماگەری و ڕەنگدانەوەی لە شیعری چەند شاعیرێکی ناو گۆڤاری (نوسەری کورد)دا*، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- ڕەزا سەید حسەینی (٢٠٠٦) *ڕێبازە ئەدەبییەکان*، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- واسیلی یان (٢٠٠٩) جەنگیز *خان*، وەرگێڕانی سەمیر حسین حسن، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپ و پەخشی ڕێنمان.

- نەریمان عبدالله خۆشناو (٢٠٠٩) *ڕەمز و مەغزا لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربالدا*، چاپی یەکەم، هەولێر.
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (٢٠١١) *فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەی*، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.
- د. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (٢٠١٢) *زار و زمان*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
- د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (٢٠١٥) *فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان*، چاپی یەکەم، تاران، ناوەندی غەزەلنووس.

## پاشکۆکان:


1 . .https://www.aljazeera.net/health/2022/3/27/%D9%83%D8%A7%D8%A8%D9%88%D8%B3-%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%88%D9%85-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AD%D9%84%D8%A7%D9%85

2 .https://www.dabran.org/Dreje.aspx?jimare=13065&paiwandidar

3 .https://zaniary.com/blog/5d690554ad545/%DA%98%DB%8C%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%B9%DB%95%D8%A8%D8%AF%D9%88%D9%84%D9%82%D8%A7%D8%AF%D8%B1%DB%8C-%DA%AF%DB%95%DB%8C%D9%84%D8%A7%D9%86%DB%8C#h2

4 .https://spiritanimalsandsymbolism.com/what-does-white-pigeon-symbolize-with-meaning-and-totem/

5 .https://www.joincake.com/blog/symbols-of-mourning/#:~:text=1.,poem%20of%20the%20same%20name

6 .https://plato.stanford.edu/entries/colonialism/